# "خەلکی عێراق و کوردستان نابی هیچ چاوەڕوانیەك لە کۆنگرەی لوتکەی ولاتانی عەرەبی، بۆ باشبوونی وەزعیان، بکەن"

## گفتوگۆ لەگەل سامان کەریم سەرۆکی مەکتەبی سیاسی

ئۆکتۆبەر: کۆبونەوەی لوتکەی وولاتانی عەرەبی لە رۆژەکانی 28و 29ی ئازاردا لە ریازی پایتەختی سعودیە بەسترا. لەم کۆبونانەوەدا گەلیك باسو ڕاسپاردەو بڕیاری جۆراوجۆر هاتنە پێش. سەبارەت بە کۆسپو تەنگژەنە جیاوازەکانی جیهانی عەرەبو ناوچەکە. پرسیاری ئێمە سەبارەت بە عێراقە. لەمبارەوە ئەم کۆبونەوەیە چەند ڕاسپاردەیەکی داوە سەبارەت بەهەلومەرجی سیاسی عێراق، لەوانە هەلوەشانەوەی میلیشیاکان، هەلوەشانەوەی یاسای لە ڕەگەوە دەرکێشانی بەعس، دابەشکردنی سامانی نەوتو گاز بەشێوەیەکی عادلانە، جەخت کردنە سەر هەویەی عروبی عێراق، فراوانکردنەوەو چالاك کردنەوەی پرۆسەی "ئاشتبونەوەی نیشتمانی". ڕوانگەی ئێوە سەبارەت بەم داوکارییانە چییە؟ ئایا ئەم داواکاریو ڕاسپاردانە ئەگەر جێبەجێبکرێن، زەمینە بۆ ئەمنیەتو ئارامی لە عێراقدا دابین دەکات؟

سامان کەریم: ئەو داوکارییانەی ئەم کۆبونەوەیە هیچکامیان تازە نین. هەم پێشتر لەلایەن وولاتانی عەرەبییەوە، باسکراونو پێشنیار کراون، وەهەم لەلایەن ئیسلامی سیاسی سوننیو "مقاومە"و کەسایەتیو هیزو لایەنەکانی بزوتنەوەی ناسیونالیزمی عەرەبەوە لەعێراقدا پێشنیارکراونو شەری لەسەرکراوە تا ئێستا شەری لەسەر دەکرێت. ئەوەی تازەیە هەلومەرجی سیاسی ئێستایە. هەلومەرجێك کە دوای فەشەلی سیاسەتو ئیستراتیژی ئەمەریکای لە عێراقو ناوچەکەدا هاتۆتەکایەوە وریگای داوە کەکۆنگرەی لەم جۆرە ببەستریت و ولاتانی عەرەبییش هاورابن لەسەری.

ناسیونالیزمی عەرەب لە فەشەلی سیاسەتەکانی ئەمەریکا لە ناوچەکەدا زەمینەی بۆ رەخساوە کە بتوانێت بوارێکی بەرتەسك وەربگریتو تیادا ئازادانە کارەکانی خۆی بکات بەلام لە چوارچیوەی هەمان سیاسەتی ئەمەریکادا. فەشەلی ئەمەریکاو هێرشی پەیتا پەیتای جمهوی ئیسلامی ئێرانو دەرکەوتنی بە ناونیشانی هێزیك کە پێویستە حسابی جدی بۆ بکرێت لە لایەن ئەمەریکاو وولاتانی ناوچەکەوە، ئەم مەسەلەی زیاتر بەرجەستە کردۆتەوە. لە راستیدا ئێران بەهۆی ئیمکاناتو نفوزێکی سیاسیو عەسکەری کە هەیەتی لە ناوچەکەدا یەخەی ناسیونالیزمی عەربی گرتووە لەلایەکی دیکەشەوە تا دێت لە بەرانبەر ئەمەریکادا بە هۆی ئەم ئەوراقە سیاسیانەوە دانی تیژ تر دەبێت، لە کێشەی " ئەتۆمی"یەکەی لە گەلێدا. تەماشای ناوچەکە بکەن، لەعیراق نەك نفوزی هەیە، بەلکو بەرۆشنی حکومەتی مالکی حکومەتی ئیرانە، لە فەلەستین بەهۆی حەماسەوە، لە لوبنان بەهۆی حزب اللەوە نفوزێکی گەورەی هەیەو یاریکەرێکی سەرەکی ساحەی سیاسی ئەو وولاتانەشە. ئەمە بەجیا لە بونی هاوپەیمانیەکی بەهێزی لەگەلّ سوریادا. هەموو ئەمانە ئیرانی وەك کۆسپیکی گەورە لەبەردەم سیاسەتەکانی ئەمریکادا جیگای گرتووە.

لیرەدا ئەمەریکا ناچارە مل بدات بە هەندێك خواستی ئەم حکومەتە عەرەبیانە(کە دیارە بۆخۆشی کۆسپێك نابینێت لەمبارەوە) کە دیارە وولاتانی دیکەی ناوچەکەشیان لەگەلّە وەکو تورکیا لە پەیوەند بە سیاسەتەکانیان سەبارەت بە کێشەکانی عێراق. واتە سیاسەتی حکومەتانی عەرەبی یان ناسیونالیزمی عەرەب بەگشتی، پێشگرتنە بە هێرشیك کە پەیتا پەیتا جمهوری ئیسلامی ئێران دەیکاتە سەریان لە لوبنان لە فەلەستین لە عێراق، ئەمە ریك جووتە لەگەلّ سیاسەتی ئەمەریکدا کە دەیەوێت ئابلوقەی سیاسیو دیبلوماسیو ئابوری ئێران بداتو لە تواناو نفوزی کەم بکاتەوە...پیم وابیت پێویستە ئەم داوکاریانە لەم چوارچێوەیەوە سەرنج بدریت. ئەوەتا تالەبانیو مالکی خۆیان تەنانەت پێش چونی تالّەبانی بۆ ریاز بۆ یاسایەکیان پێشکەش بە پەرلمان کردوە بۆ هەلوەشانەوەی یاسای لەرەگەوە دەرکێشانی بەعس. لە کاتێکدا ئەگەر سالّی پار باسی کاری وابکرایە ئەوا جەعفەریو ئیسلامی سیاسی شیعی دەیان کردە هەرا. ئەم مەسەلەیە بۆ ئیسلامیسیاسی شیعی مەسەلەیەکی جدی بوو بەلام لە ژێر فشارێکی هەمەلایەنەدا ناچار بوون قبولی بکەنو خۆیان پێشنیاری بکەن.

من پیم وایە کە هەلومەرجی سیاسی عیراقو جیگاو ریگای هیزەکان هەر ئێستا ئالوگۆری بەسەردا هاتوە. بۆنمونە ماددەی 140و جێبەجیکردنی هەر ئێستا لە جێی نەبواندایە. فیدرالیەت پیم وانیە جگە لە یەکیتیو پارتیو ناسیونالزمی قەومی کورد بەگشتی کەسیکی دیکە باسی لێبکات، باسی ئەوانیش بۆ بارزگانی نیوخۆو بەلارێدابردنی خەلّکی کوردستانە. بەلام بەجیا لەوانە ئەو خواستانە ناتوانرێت جێبەجێبکرێت، خۆ ئەگەر فەرزمان ئەوەبێت جێبەجێدەکرێت عێراق نەك ئەمنیەتو ئارامی بەخۆیەوە نابینیت، بەلّکو کێشەکان قولّتر دەبنەوە. بەسادەیی چونکە ئەم پێشنیارو ڕاسپاردانە لە چوارچیوەی هەمان سیاسەتیکدا دەڕواتە پێشەوە کە بەبروای من تاقیکراوەتەوەو بەسەرچوە. گەرانەوەی بەعسیەکان، عیراقی عروبی، هێشتنەوەی کێشەی کەرکوك، سیاسەتی "ئاشتبونەوەی نیشتمانی"...جێبەجێکردنیان واتە قولکردنەوەی ململانێی نیوان هیزە قەومیو ئیسلامیە تائیفیەکان، واتە قولبونەوەی کێشەی نێوان ناسیونالیزمی کوردو عەرەب لەلایەك، وە قولبونەوەی کێشەکانی نیوان ئیسلامی سیاسی شیعیو سوونی لەلایەکی دیکەوە. هەروەها کردنی کۆمەلگای عیراقە بەمەیدانیك بۆ ساغکردنەوەی ململانێی نیوان ئەمەریکاو ئێران. بۆیە بە بڕوای من ئەم خواستانە هەر بە هۆیانەی کە باسکران شانسی ئەوەیان نیە کە جێبەجێبکرێن. چونکە ئەم ڕسپاردانەش دیسان خەلکی عێراق لە ڕوانگەی قەومەوە دابەش دەکات، لە زەمینەی تائیفیەوە دەخالەت دەکات.

ئۆكتۆبەر: ئەم باسەی ئیوە دەیکەن بەمانایەك گێرانەوەی عێراقە بۆ باوەشی عروبەو لەمبارەوە کۆنگرەی لوتکە میکانیزمەکانیشی دیاریکردوە بەپێی ڕاسپاردەکانی بێت. ئەم مەسەلەیەو خواستی ئەم کۆنگرەیە لە گەڵ کێشەی سەرەکی خەڵکی کوردستاندا چۆن دەبیینەوە بەتایبەت کە تالەبانی لەو گۆنگرەیەدا بەشداری کردوە؟
سامان کەریم: ناوەرۆکی کۆنگرەی ریاز ئەوەیە کە ناسیونالیزمی قەومی عەرەب لایەینیکی سەرەکی بێت لە دەسەلات، دەوڵەتو حکومەتێ هەبیت لە بەغدا وزیاتر خۆی بە بەشیك لەجیهانی عەرەب بزانێت نەك سیاسەتەکانی ئێران بباتە پێشەوەو مۆری عروبی تیدا کاڵ بیتو تایفەگەرەی سیاسی شیعی زاڵ بێت بەسەریدا. بۆئەم ئامانجەشیان ئەو ڕاسپاردەیان داوەو کە دیسان ئاماژەم پێدا کە هەلومەرجی سیاسی ئێستای عێراق دەباتە قۆناغیکی تر لە شەری قەومیو تائیفیو نائەمنیەوە.
ئەوەندەی بگەڕێتەوە سەر کێشەی سەرەکی خەڵکی کوردستان من پێم وانیە خەڵکی کوردستان وە بەتایبەت لە ماوەی 16ساڵی رابوردودا هیچ کاتیك چاویان بریبێتە ناسیونالیزمی عەرەبو حکومەتەکانی، یان ئیسلامی سیاسیو هیزەکانی، بۆیە لە روانگەی خەڵکی کوردستانەوە ئەم کۆنگرانە هەمیشە بە چاوی گومانو بێ متمانەی سەرنج دراوەو لەمبارەوە حەقیانبوە. ناسیونالیزمی عەرەبو کۆنگرەکەیان کۆنگرەی لوتکەی سەرکردە کۆنەپەرستانەکانی ناوچەکەو دنیا بوو. کۆبونەوەی ئەو حکومەتانە بوون، کە ئەوەتەی هەن لەسەر پایەی سەرکوتی ئەو جەماورە ماونەتەوەو لە دەسەلاتدان کە پێیدەڵێن "ئومەی عەرەبی". بۆیە چاوەڕوانیەك لەم هیزانە نەك نیە، بەڵکو خۆیان هێز گەلێکی ڕیگرن لەبەردەم خواستی خەڵکی وولاتانی خۆیانو دیارە خەڵکی کوردستان. ڕاسپاردەو سیاسەتەکانی ئەم کۆنگرەیە بۆ خەلکی کوردستان، یانای چونەوە ژێر دەستی ناسیونالیزمی قەومی عەرەبی کۆنەپەرستو لغاو بەربوو. مانای سەرکوتی مافی جیابونەوەی خەلکی کوردستانو زەوتکردنی مافی بڕیارو ئیرادەی سیاسی ئەوانە.
تالەبانی وەك یەکیك لە ڕابەرانی ناسراوی بزوتنەوەی ناسیونالیزمی کورد، بونی ئەو وەکو سەرۆك کۆماری عێراق هیچ لەم راستیە ناگۆرێت. بەڵام کەی هیزەکانی ناسیونالیزمی کوردو ڕابەرانی پەیوەندییان هەبوە بە خواستی سەرەکی خەڵکی کوردستانەوە کەی کاری ئەوان ئەوەبوە کە وەلام بدنەوە بە بە لابردنی ستەمی قەومیو رزگارکردنی خەلکی کوردستان لە هەلومەرجی هەڵواسراوی سیاسیو سەرگەردانیو چاوەڕوانی خەلك. بۆیە دەکرێت خەڵکی کوردستان پرسیار بکات کە تالەبانی چی دەکات لەوێ بەتایبەت کە هەموو سەرۆکی وولاتەکان وەکو "قائدی ئومەی عەرەبی " بانهێشت دەکران. ئەم پرسیارە دەبیت تالەبانی وەلامی بداتەوە.
لەهەلومەرجی ئێستای عێراق، پاش فەشەلی سیاسەتو ئیستراتیژی ئەمەریکا بەرەو قوناغێکی نا ئەمنو نا ئارامتر دەڕوات. هێزە ئیسلامی سیاسیە شیعیو سونییەکان زیاتر دەکەونە بەرانبەر یەك. ناسیونالیزمی عەرەبو کورد زیاتر دەکەونە بەرانبەر بەیەكو ئیمە لەدەروازەی شەریکی قەومیدان. بۆیە ڕیگا چارەیەك لەمبارەوە تەنها هاتنە مەیدانی خەڵکی کوردستانە بەدەوری خواستی جیابونەوەی کوردستانو پێکهینانی دەوڵەتیکی سەربەخۆدا لەرێگای رفراندۆمیکی ئازادو گشتیەوە. ئەمە تەنها ڕیگای ممکنە لە ئێستادا. ڕیگا چاوەڕوانی پرۆسەی سیاسی ئێستای عێراقو جێبەجیکردنی ماددەی 140و فیدرالیەتو هەمووی بەستراوە جگە لە نەهامەتی چی کەی بەدواوەنیە.